## مێژووی مۆسیقای کوردی

نووسینی مێژووی مۆسیقای میللەتێک و هەڵسەنگاندنت پێشکەوت و گۆڕانکاریی و تایبەتمەندییەکانی لە سەردەمی جیاجیای مێژووییدا، ئەرکێکی گەورە و گرانە و پێویستی بە کاری هاوبەشی پسپۆڕان هەیە.
ئێمە بەداخەوە شارەزایەکی ئەوتۆی مۆسیقامان نییە کە لە بواری پەرەسەندنی مێژوویی بابەتەکەدا کاری کردبێت و بەتەمابین بەم زووانە شارەزایەکی وامان تێدا هەڵکەوێت.

هەرچۆنێک بێت، رێزدار محەمەد حەمەباقی بەشێک لەو ئەرکە پێویستەی گرتۆتە ئەستۆ و نەک تایبەتمەندیی مۆسیقایی بەڵکوو لایەنی مێژوویی کارەکەی لە کتێبێکدا خستۆتە بەر باس. کتێبەکە بەشی زۆری تەرخانی سەردەمی کۆنی پێش ئیسلام کراوە و پەیوەندی مۆسیقای کوردی و گاتاکانی زەردەشت و مۆسیقای سەردەمەکانی دواتر بە تایبەت ساسانییەکان (224 تا 652 ی زایینی) ی وەک پێشینە بۆ مۆسیقای کوردی هەڵسەنگاندووە.

پەنجا لاپەڕەی دوایی کتێبەکە تەرخانی مۆسیقای دوای ئیسلامی کوردستان کراوە و نووسەر لەوێوە تا سەردەمێکی نوێتریش هاتووە.

مۆسیقای ئەهلی حەق و ئێزدی بە شێکی بەرچاوی لێکۆڵینەوەکەیان بۆ تەرخان کراوە و چەند نۆتەیەکی مۆسیقای لوڕستان و لەکستان و هەورامانیش لە کۆتایی کتێبەکەداچاپ کراون.

باسی بۆکان لە هیچ شوێنێکی لێکۆڵینەوەکەدا نەهاتووە و تەنیا لە لاپەڕە 165 تا 167 دا هەندێک بابەت لە سەفەرنامەی "ئۆژن ئۆبین" باڵوێزی فەرەنسە لە ئێران (ساڵانی 1907 تا 1909 راگوێزراوە کە ناوبراو چۆتە شاری مەهاباد و لە هەندێک تایبەتمەندیی مۆسیقای مەهاباد دوواوە، ئەو تایبەتمەندییانە زۆر و کەم بۆکانیش دەگرنەوە.

هیوادارم کاری کاک محەممەد حەمە باقی درێژەی هەبێت و لە بەرگەکانی دواتری کتێبەکەدا سەردەمێکی درەنگتر و نزیک بە ژیانی ئێمە بکەوێتە بەر باس و لەوێدا باسی موسیقار و گۆرانی بێژی سەردەمی سەردارەکانی بۆکان و دوای ئەوانیش بکرێت.

محەممەد حەمەباقی، "مێژووی مۆسیقای کوردی"، چاپی دووهەم، چاپەمەنی ئاراس، هەولێر، 2002، 246 لاپەڕە، کوردی.